# دزێکی ڕاستگۆ An Honest Thief


## نووسینی فدیۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی **Fyodor Mikhaylovich Dostoyevsky**

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر


فدیۆر میخایلۆڤیچ دۆستۆیڤسکی، ڕۆمان نووس و چیرۆك نووس و پەخشان نووس و ڕۆژنامەوان و فەیلەسوفی ڕووسی لە 1821/11/11 لە مۆسکۆ-ڕووسیا لە دایك بووە و لە 1881/2/9 لەتەمەنی شەست ساڵی لە سانت پیتەرس بوورگ – ڕووسیا کۆچی دوایی کردوە. لە ساڵی 1849 سزای لە سێدارەدانی پێدراوە، لە دواترین سات لە سێدارە نەدراوە. چوار ساڵ لە کەمپی سایبریای جەمسەری باکوور زیندانی بووە و دواتر شەش ساڵ لە دوورە وولأت خزمەتی سەربازی کردووە. نووسەر لە ساڵی 1848 کوورتە چیرۆکی دزێکی ڕاستگۆی نووسیوە . لە نێوان 2020/3/28 تاوەکوو 2020/3/31 وەرگێر لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی.

بەیانییەك، خەریك بووم بڕۆم بۆ نووسینگەکەم، ئەگرافینا، چێشت لێنەرم، قاپ شۆرم و چزمەتگووزاری ماڵەوەم، هاتە لام و ، سەرنجی ڕاکێشام، دەستی کرد بە قسەکردن.

ئەگرافینای هەمیشە بێدەنگ ، خولڤاوێکی سادە، جگە لەوەی دەربارەی خواردنی شێوان دەی پرسی، بە درێژایی شەش ساڵی ڕابووردوو، تاکە ووشەیەکی نە چرپاندووە. بەلایەنی کەم هیچ شتێکی ترم لێ نەبیستووە.

لە ناکاو گووتی" بەڕێز، من هاتووم چەند قسەیەك لە گەڵتا بکەم،" " لە ڕاستیدا پێویستە ژوورە بچووکەکە بە کرێ بدەیت."

" کام ژووری بچووك؟"

" بۆچی، بە دڵنیاییەوە، ئەوەی تەنیشت  نان دان."

" بۆچی؟"

" بۆچی؟ بۆچی، چوونکە خەڵکانێك بە دڵنیاییەوە ژوور بە کرێ دەگرن."

" بەڵام کێ دەیەوێ؟"

" کێ بەکرێ ی دەگرێ؟ بۆ ، بە دڵنیاییەوە کرێچی هەیە بیەوێ."

" بەڵام، خانمی باش، شوێنی جێگای خەوتن نابێتەوە، تەنانەت ناتوانێ تێ ی دا بجووڵێ! کێ دەتوانێ تێیدا بژێ؟"

" کێ دەتوانێ تێ ی دا بژێ! مادام جێگای خەوتنی هەیە، بۆ، دەتوانێ لە پەنجەرەکەدا بژێ."

" کام پەنجەرە؟"

" لەکام پەنجەرە! وەکوو بڵێ ی نازانی، پەنجەرەکەی سەر کۆڵێدۆرەکە، بە دڵنیاییەوە، دەتوانێ لە وێ دابنیشێ و درومانی بکا یان هەرشتێکی تر. لەوانەیە لەسەر کورسی دابنیشێ. کورسی هەیە، مێزیشی هەیە، هەموو شتێکی هەیە."

" باشە ئەوە کێ یە؟"

" ئای، پیاوێکی باشە، پیاوێکی ئەزموون دار. خواردنی بۆ ئامادە دەکەم. داوای سێ ڕۆبڵ کرێ مانگانەی لێ دەکەم."

" دوای تەقەلایەکی زۆر، لە کۆتاییدا سەرکەوتم و لە ئەگرافینا تێگەیشتم کە پیاوێکی بەتەمەن، ئەگراقینای ڕازی کردووە بێتە نان دان و خواردنی بۆ بکا. هەرشتێك بە مێشکی ئەگرافینا دا بێت دەبی بکرێ، ئەگەرنا، بێزارت دەکا و ئاشتی لە مالاّ نامێنێ. هەر شتێك بە دلّی ئەو نەبێ، بە قوولّی دلّتەنگ دەبێ دووهەفتە تاوەکوو سێ هەفتە کڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا، خواردنی شەوانم لێ تێك دەچێ ، جلەکانم ئووتی ناکرێ و زەوی ژوورەکەم پاك ناکرێتەوە. بە کوورتی ، زۆر گرنگە بە قسەی بکەم. ماوەیەکی زۆرە تێبینیم کردووە ئەم ئافرەتە ڕوونە هەرچ پڕۆژەیەك لە بیریەوە هەلّبوقلّی ناتوانێ ئەنجامی نەدا. بەلاّم ئەگەر هەر تێبینیەك یان پڕۆژەیەك بە خەیالّی دا بێت ، ئەنجام نەدرێت، بۆ ئەو لە ناو چوونی واتاییە. لەبەر ئەوە، کەمن گرنگیم دەدا بە هێمنی بیرم هیچی تر نا، پێشنیارەکەییم پەسند کرد.

" ئایا ئەم پیرەمێردە پەساپۆرت، یان هیچ ناسنامەیەکی هەیە؟"

" دلّنیابە، هەیەتی. پیاوێکی باشە، پیاوی ئەزموونە؛ بەلّێنی داوە مانگی سێ ڕۆبلّ کرێ بدات."

ڕۆژی دوایی زۆر زوو کرێ چیە نوێ یەکە لە مالّە خنجیلانەکەم دەرکەوت؛ بەلاّم من حەزم لێ نەبوو، لە ڕاستیدا لەناخم دا پێم خۆش بوو . وەکوو بنەمایەك بوونی تەنیاییەکی نەرم. من زۆرکەم هاورێم هەیە؛ زۆر کەم بەم لا و ئەولادا دەڕۆم. دەسالّ، نەهاتمە دەرەوە، بە درێژایی ژیانم فێری تەنیایی بووم. بەلّکو دە یان پازدەسالّی تریش هەر بەتەنیایی لە گەلّ ئەگرافینا، لە هەمان مالّ دام، لە ڕاستیدا بیرێکی دلّخۆش نەبوو. لەبەر ئەوە هاودەنگی نوێ، ئەگەر هەلّس و کەوتی باش بێ، ئەوا خوا لە ئاسمانەوە بۆی ناردووم.

ئەگرافینا ڕاستی کرد: کرێ چیەکەم بە دلّنیاییەوە پیاوی ئەزموونە. بە پەساپۆرتەکەی دەرکەوت کە ئەو کۆنە سەرباز بووە، ئەمەش دەبوو من بە دەم و چاویدا بم زانی با. سەربازی کۆن بەئاسایی دەناسرێتەوە. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ نموونەی ئەوە. لە گەلّ یەکدا زۆر بە باشی ئاشنا بووین. لە هەموو شتێك باشتر، ئەوە بوو ئاستافی ئیڤانۆڤیچ هەندێ جار چیرۆکی دەگێڕایەوە، دەربارەی ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی دا بەسەری هاتووە. لە کاتی بەردەوام بوونی بێزاریم ئەم جۆرە چیرۆك خوێنەرانە سامانێکی ڕاستە قینەن. ڕۆژێکیان یەکێك لەو چیرۆکانەی بۆی گێڕامەوە. هەستێکی لە ناخم دا چەسپاند. ڕووداوی داهاتوو بوو بەسەرم هات.

بە تەنیا لە مالّەوە بووم، ئاستافی و ئاگرافینا بە ئیشی خۆیان چووبوونە دەرەوە. لە ناکاو لە ژووری ناوەوە گوێم لە یەکێك بوو- وام زانی بێگانەیە — وەرە؛ من ڕۆیشتمە دەرەوە؛ لە ڕاستیدا بیگانە بوو لە کۆلّیدۆرەکە، کابرایەکی کوورتە بالاّ ، هەرچەندە کەش و هەوای ساردی پایز بەلاّم چاکەتی لەر نەکردبوو.

" چیت دەوێ؟"

" ئایا ئەو فەرمانبەرەی ناوی ئەلێکساندرۆی یە لێرە دەژی؟"

" برا، کەس بەو ناوە لێرە نیە. خوات لەگەلّ."

میوانەکە گووتی" بۆچی، دڤۆرنیك پێ ی گووتم لێرەیە،" بە وورياييەوە بەرەو دەرگا هەولّی دەدا.

" بڕۆ دەرەوە، بڕۆ دەرەوە، برام، لێرە مەمێنە."

ڕۆژی دوایی لە دوای نان خواردنی شێوان، ئەو کاتەی ئاستافی ئیڤانۆڤیچ ئەو چاکەتەی بۆ منیان کڕی بوو تاقی دەکردەوە، جارێکی تر یەکێك هاتە کۆلاّنەکە . نیوەی دەرگاکەم کردەوە.

پێش ئەوەی چاوەکانم شێوەی پیاوەکەی دوێنی لە بیر بچێتەوە، زۆر بە هێمنی، چاکەتە پڕەکەی منی لە کاتنۆرەکە دەرهێنا و خستیە ژێر باڵی و لە ماڵ چووە دەرەوە. بەدرێژایی ئەو کاتە، ئاگرەفینا ڕاوەستابوو تەماشای دەکرد، واقی وڕمابوو توشی شۆك بوو و هیچی نەدەکرد بۆ ئەوەی شتەکانم بپارێزێ. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ قەڵەم بازی داو دوای دزەکە کەوت و دوای دە خوولەك بە دەستی بەتاڵ هاتەوە. گووتی دزەکە بە تەوەوای دیار نەما.

" باشە، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، هەندی بە ختت هەیە."

" کارێکی باشە، پاڵتۆکەت ماوە! ئەگەر نا، دزەکە تۆی خستبووە ناو چەڵەمەیەکەوە!"

کاتێك تەماشای ئەستافی ئیڤانۆڤیچم کرد هەستم کرد ڕووداوەکە بە شێوەیەك کاریگەری تێ کردوە دزیەکەی لە بیر بردمەوە. لە بیری نەدەچووەوە. هەر خولەکێك یان دوو خوولەك دەستی هەڵدەگرت لەو ئیشەی دەیکرد، دووبارە باسی دەکردەوە چۆن ئەوە هەمووی ڕوویدا، چۆن وەستا بوو، چۆن چاکەتەکەی لە بەر چاوی برد، مەترێك لێوەی دوور نەبوو، وە چۆن تێ پەڕ بوو و نەیتوانی دزەکە بگرێ. جاریکی تر دادەنیشتەوە سەر ئیشەکەی و جارێکی تر ئیشەکەی بەجێ دەهێشتەوە، وە لە دواییدا بینیم ڕۆیشتە خوارەوە بۆ لای دیڤۆڕنیك هەموو بەسەر هاتەکەی بۆ باس بکات ، و چۆن ڕێگا نەدات ئەم کارانە لە سنووری ئەو دا ڕووبدات. ئینجا گەڕایەوە دەستی بەسەرزەنشتی ئەگرافینا کرد. جارێکی تر دانیشتەوە سەر ئیشەکەی، وە بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەڵ خوی قسەی دەکرد.

ئەوە هەمووی چۆن ڕوویدا، چۆن من لێرە وەستابووم ئەویش لەوێ بوو، چۆن لەبەر چاومان ، مەترێك لێمانەوە دوور نەبوو، دزەکە چاکەتەکەی برد، بەکوورتی، هەرچەندە ئەستافی ئیڤانۆڤیچ ئیشی خۆی باش دەزانی، بەڵام زۆر لەسەرە خۆ و سەرقاڵ بوو.

ئێوارە پەرداخێك چام دایە و گووتم" ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، ئەو کابرایە ئێمەی کردە گاڵتەجاڕی خۆی." ویستم بۆ ماوەیەك چیرۆکی نەمانی چاکەتەکە بە بیر خۆمان بهێنمەوە، چەندین جار دووبارە کردنەوە و لەگەڵ گەورەیی گرنگی قسەکەر، سەرەتای بیزاری بوو.

" گاڵتەجاڕ، لە ڕاستیدا، بەڕێز! هەرچەندە ئیشی من نیە، من لێوەی دوورم. هەرچەندە چاکەتە لە دەست چووەکە چاکەتی من نیە، بەڵام من دڵتەنگ دەکات. بە بۆچوونی من لە جیهان دا هیچ ئازاردەرێك نیە لە دز خراپتر بێ. هەندێ دەتوانن ئەو شتانەی تۆ دەتوانی بیان دەیتی بیبەن، بەڵام دز ئیشی دەستت دەدزێ، ئارەقی ناوچاوانت، کاتت... ئای خوایە، زۆر خراپە! ناتوانی باسی بکەیت! زۆر ناڕەحەتیە. بەڕێز، تۆ چۆن هەست بە لە دەست دانی شتەکانت ناکەی؟"

" تۆ ڕاست ئەکەی، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، باشتربوو ئەگەر شتەکە بسوتایایە، نیگەرانیە واز لە دز بهێنی بیبات بۆ خۆی، جێ ی رازیبوون نیە."

" ڕازی نەبوون! دەبوو وا بیرم بکردبایەوە! بۆ دڵنیابوون، دزان و دزان هەن. بەڕێز، جارێك ڕووی دا، تووشی دزێکی ڕاستگۆ بووم."

" دزێکی ڕاستگۆ؟ بەڵام چۆن دز ڕاستگۆ دەبێت، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

" لە ڕاستیدا تۆ ڕاست ئەکەی، بەڕێز. چۆن دزێك ڕاستگۆ دەبێ؟ کەسی وا نیە. من مەبەستم وابوو بلێم کە ئەو پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، وابوو، بەڵام دزیەکەی کرد. دڵنیگەرانم بۆی."

" بۆچی، ئەوە چۆن بوو، ئستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

" نزیکەی دوو ساڵ لەمەو بەر، بەڕێز. ساڵێك دەبوو جێگام نەبوو، پێش ئەوەی شوێنەکەم لە دەست بدەم، لەدەست چوونی خوڵقاوێکی هەژارم ناسی. لە ماڵێکی - گشتی یەکترمان ناسی. کابرایەکی سەرخۆش ، بەرەڵا، سواڵکەر، کەوتبووە ناو ئەو ژیانەی، بەلاّم بە هۆی ئالوودەی مەی ، کارەکەی لە دەست دابوو. ئەو نەگبەتە! تەنها خوا دەزانێ چی بەسەر هاتووە! زۆر جار دڵنیا نەدەبووی ئایا لە ژێر چاکەتەکەی کراسی لەبەرە یان نا؛ هەر شتێك دەستی بکەوتبایە سەری دەی خواردەوە. بەلاّم کابرایەکی شەڕانی نەبوو؛ کەسێکی هێمن بوو. پیاوێکی ڕەوشت باش، نەرم. هەرگیز پرسیاری نەدەکرد، شەرمن بوو؛ هەستت نەدەکرد ئەو کابرا هەژارە خواردنەوەی دەوێ ، وە لەگەڵیدا بوەستی. بووین بە هاوڕێ، بەواتایەکی تر، پێمەوە نووسا..... هەمووی بۆمن هەریەك بوو. وە پیاوەکە چی بوو، بۆ دڵنیابوون! وەکوو سەگێکی بچووك، بەدوامەوە بوو؛ بۆ هەرشوێنێك ڕۆیشتبام لەوێ دەبوو؛ لە دوای یەکەم چاوپێکەوتنمانەوە بەم شێوەیە بوو، وە هەروەکوو پەڕەی کاغەز ناسك بوو! یەکەم جار داوای لێ کردم ڕێ ی بدەم شەو بمێنێتەوە؛ بەڵێ، ڕێم پێ دا بمێنێتەوە.

هەروەها، تەماشای پەساپۆرتەکەیم کرد، پیاوەکە هیچ کێشەی نەبوو.

" بەڵێ، ڕۆژی دوایی هەمان چیرۆك بوو، وە ڕۆژی سێهەم دیسان هاتەوە و بە درێژایی ڕۆژ لە پەنجەرەکەدا دانیشت و شەو مایەوە. بەڵی بیرم لێ بکەوە، ئەو پێمەوە نووسابوو؛ خواردن و خواردنەو و شوێنی حەوانەی شەوم دەدایە، ئەوەتا- منم، پیاوێکی هەژار، و برسی بژیت! پێش ئەوەی بێتە لای من، ڕاهاتبوو بە هەمان شێوە دەڕۆیشتە لای فەرمانبەرەکەی میری؛ خۆی بە ئەوەوە نووساندبوو؛ هەمیشە بەیەکەوە دەیان خواردەوە؛ بەلاّم تووشی جۆرە کێشەیەك بوو خۆی سەرخۆش کردبوو تاوەکوو ڕۆخی قەبر. ئەم پیاوەم ناوی ئیمیلیان ئیلیچ بوو. بە قووڵی بیرم کردەوە و بیرم کردەوە چی لێ بکەم. شەرمم کرد لەخۆمی دوور بخەمەوە. زۆر بۆی نیگەران بووم، ئەو سەر لێ شێواوە،، خوایە- ئەو پشت گوێ خراوە خوڵقاوە هەرگیز چاوم لێ ی بوو. یەك ووشەی نەدەگووت؛ پرسیار ناکات، بەڵکو لەوێ دادەنیشت و وەکوو سەگ تەماشای چاوەکانت دەکا. بیر دەکاتەوە پیاو چی جۆرە خواردنەوەیەك دەهێنی!

" بەردەوام پرسیارم لە خۆم دەکرد چۆن پێ ی بڵێم: پێویستە بڕۆی، ئیمیلیانەوشکا، لێرە هیچ شتێك بۆ تۆ نیە، تۆ هاتوویتە شۆێنێکی هەڵە؛ بەم زوانە من هیچ شتێکم بۆ خۆشم نامێنێ، چۆن دەتوانم تۆ لێرە بهێڵمەوە؟"

" دانیشتم چاوەڕێم دەکرد ئەگەر ئەوەم پێگوت بێ دەبێ چی بکات. دەبی چۆن سەیرم بکات، ئەگەر گوێ ی لەقسەکانم بێ، چەند دادەنیشێ لە ووشەیکم تێ ناگا. کاتێك دێتەوە ماڵەوە و چۆن پەنجەرەکە بە جێ دەهێڵێ، دەبی بارەکەی هەڵبگرێ- من ئێستا دەیبینم، دەستەسرە سوورەکەی پڕ لە کوونە، هەر خوا دەزانی چی لە ناو دایە، بەردەوام هەر بەخۆی بوو، وە چۆن چاکەتە کۆنە خراپەکەی لەبەر دەکات و جەستەی دادەپۆشێ گەرمی دەکاتەوە، کوونەکانی هیچ دیار نابێ- پیاوێکی هەست ناسك بوو! وە چۆن دەرگاکە دەکاتەوە و دەڕواتە دەرەوە و فرمێسك لە چاوەکانی قەتیس مابن. بەلاّم پیاو نیە بەم شێوەیە بیرۆخێنی... هەست بە دڵ تەنگی بۆ دەکەی.

" وە جارێکی تر، هەست دەکەم، من چۆن ئاگام لە خۆم نیە؟ لە مێشکم دا گووتم، ئیمیلیانەوشکا، تۆزێ چاوەڕێ بکە، تۆ چیتر لەگەڵ مندا لە خۆشیدا نابی: بەم زوانە دەڕۆم، نام بینیتەوە.

گووتی " بەڵام، بەڕێز، خێزانەکەمان باریان کرد، و ئەلێکساندەر فیلیمۆنۆڤیچی باوکم( ئێستا نەخۆش بووە، خوا ڕووحی شاد بکا)،" من لەگەڵ تۆ زۆر ڕازیم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؛ کەتایێك لە گووندەکەمان دەگەڕێینەوە، جارێکی تر دەت هێنینەوە لای خۆمان. من لەگەڵیان زۆر باش بووم؛ پیاوێکی باش بوو، بەڵام بەهەر حاڵ لە هەمان ساڵ کۆچی دوایی کرد .

دوای ڕۆیشتنی، شتەکانم هەلگرت، لەگەڵ هەندێ پارە هەمبوو، بیرم کردەوە پێویستیم بە پشوویەك هەیە، چوومە لای ژنێکی بەتەمەن دەم ناسی ، لە گۆشەیەکی ژوورەکەی دانیشتم، تەنها یەك گۆشەی ژوورەکەی بەتاڵ بوو. پەرستار بووە، ئێستا ئەپارتمێنتی خۆی هەیە و ژووری تایبەت بە خۆی هەیە. بەهەرحاڵ، خوات لەگەڵ، ئیمیلیانەوشکا، وا بزانم تۆ من نا دۆزیتەوە، کوڕم.

" وە بەڕێز، تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە؟" من چووبوومە دەرەوە پیاوێك دەناسم ببینم، کاتێك ئێوارە گەڕامەوە، یەکەم شت بینیم ئیمیلیانەوشکا بوو! لێرەیە و لە سەر باوڵەکەم دانیشتووە و پریسکەکەی لەتەنیشتیەتی؛ لەناو چاکەتە کۆنە خراپەکەیدایە، چاوەڕێ ی دەکردم. وە بۆ ماوەیەك کتێبێکی کلیسای لە خانمە بەتەمەنەکە وەرگرتبوو، کتێبەکەی سەراو ژێر گرتبوو. بۆنداری کردم! دڵم نقووم بوو. بەڵێ، بیرم کردەوە، بۆچی هەر لەسەرەتاوە دەرم نەکرد؟ لەبەر ئەوە ڕاستەو خۆ لێم پرسی: ئیمیلیانەوشکا، پەساپۆرتەکەت هێناوە؟"

" بەڕێز، لەو شوێنە دانیشتم، بیرم دەکردەوە، دەبێ گەڕۆکێکی وەك ئەوە ببێت بە کێشە بۆم؟ کە بیری لێ دەکەمەوە پێ ناچێ زۆر کێشە بێ. بیرم کردەوە، دەبێ خواردنی بدرێتێ. پارچەیەك نان سەرلەبەیانی و بۆ ئەوەی باشتر بڕواتە خوارەوە سەلکە پیازێکی بۆ دەکڕم. نیوەڕۆ پارچە نانێکی ترو پیازێك؛ وە ئێوارەش، پیاز و بیرەی ڕووسی/ کڤاس، ئەگەر ویستی هەندێ نانی تریشی دەدەمێ. وە هەندێك سووپی کەلەم ئەگەر دیتمان، هەردووکمان دەی خوێین. من خۆم زۆر ناخۆم، و پیاوی مەی خۆر، هەرگیز ناخوات، ئەوەی دەیەوی براندی گیا یان ڤۆدکای سەوز. وام دەزانی ، لەگەڵ خواردنەوەی دام دەڕمێنێ، بەڵام بەڕێز، بیرۆکەیەکی تر بە مێشکم دا هات، و زۆر سەرقاڵی کردم. خۆ ئەگەر ئیمیلیانەوشکا بڕۆیشتبایە، وا هەستم دەکرد هیچ شتێکم نامێنێ لە پێناویدا بژیم، باوەڕم وایە.... لەو شوێنە گەیشتمە ئەوەی دەبێ ببم بە باوك و پاسەوانی . وام دەزانی ، لە داڕمانی دەپارێزم، لە پەرداخەکەی دوور دەخەمەوە! بە بیرم داهات، توزێ چاوەڕێ بکە؛ زۆر باشە، ئیمیلیانەوشکا، دەتوانی بمێنیەوە، ئەگەر ڕەوشتت باش بکەی، پێویستە مل کەچی فەرمانەکان بی.

" لەبەر خۆم ، بیرم دەکردەوە، دەست پێ بکەم فێری هەندێ جۆر ئیشی بکەم، هەمووی بەیەکەوە نا، یەکەم جار ئیشی بچووك ڕێ ی پێ بدەم چێژی لێ وەربگرێ، ئینجا تەماشا بکەم شتێکی گونجاو بۆ ئیمیلیانەوشکا بدۆزمەوە. بۆ هەرجۆرە کارێك پێویستە پیاو توانایەکی تایبەتی هەبێ، تۆ دەزانی، بەڕێز. بە هێمنی دەستم کرد بە چاودێری کردنی ، خێرا دیتم ئیمیلیانەوشکا کەسێکی زۆر بە پەرۆشەوەیە. بەڕێز، دەستم کرد هەندی ووشەی ئامۆژگاری،: گووتم ئەمە و ئەوانە بۆ ئەو. گووتم، ئیمیلیانەوشکا، پێویستە بیری لێ بکەیتەوە و خۆت یەك لا بکەیتەوە. چیت کردوە لەگەڵ خواردنەوە، خۆت ڕیسوا کردوە: ئەو چاکەتە کۆنەت، ئەگەر خۆم گران بکەم و بڵێم، جگە لە بێژینگ بۆ هیچی تر بەکار نایات. دۆخێکی باش! کاتی هاتووە بریار بدەی، بە دڵنیاییەوە. ئیمیلیانەوشکا دانیشت و گوێ ی لێ گرتم و سەری شۆر کردبۆوە. بەڕێز، باوەڕت پێ ی هەیە؟ ئەمەی بە خەیاڵ دا هات، ئەوەندەی خواردەوە زمانی ووشك بوو نەیتوانی یەك قسە بکات. باسی خەیاری بۆ بکە

وەڵامی فاصۆلیات ئەداتەوە! گوێ ی لێ ئەگرتم، گوێ ی ئەگرت و هەناسەیەکی قووڵی ئەدا. لێم پرسی" ئەم هەناسەیەت بۆ چیە؟"

" ئاه ، هیچ نیە، گوێم پێ مەدە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. ئەزانی ئەمرۆ لە بازار دوو ژن شەریان ئەکرد، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟ یەکێکیان باسکە تووەکەی ئەوی تری بە بێ ئەنقەست ڕشت."

"باشە، ئەوە چیە؟"

" وە ئەوی دووەم باسکە تووەکەی ئەوی تری بە ئەنقەست ڕشت و بە قاچەکانی هەمووی شێلا."

" باشە، ئینجا چی بوو، ئیمیلیان ئیلیچ؟"

" بۆ، هیچ نەبوو، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، من تەنها باسم کرد."

"" هیچ نەبوو، تەنها باسم کرد!" ئیمیلیانەوشکا، کوڕم، وام زانی، بە فیڕۆ چویت، وە بەسەرخۆشی مێشکت لە لای خۆت نەما!"

" وە ئەزانی، پیاوێك هەندێ پارەی لێ کەوتە سەر کەناری شەقامی گۆڕۆهۆڤی، نا، شەقامی سادۆڤی بوو. وە کرمانجێك پارەکەی دیت و گووتی، " ئەوە بەختی منە"؛ وە لە هەمان کاتدا پیاوێکی تریش دیتی و گووتی،" نەخێر، بەختۆکەی منە. من لە پێش تۆ پارەکەم دیت."

" کەواتا، ئیمیلیان ئیلیچ؟"

" وە ئەو برادەرانە شەڕیان بۆ پارەکە کرد، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. بەڵام پۆلیس هات و پارەکەی هەڵگرتەوە و دایەوە بە خاوەنەکەی و هەڕەشەی لە هەردووکیان کرد بە گرتنیان."

"باشە، ئەوە چی تێدایە؟ چی ڕۆشنبیریەکی تێدایە، ئیمیلیانەوشکا؟"

" بۆ، هیچی تێدانیە، بە دڵنیاییەوە، خەڵکەکە پێ کەنین، ئیمیلیان ئیلیچ؟"

" چی، ئەستافی ئیانۆڤیچ؟"

" جۆرە ئیشێك بکە، ئەوە پێویستە بیکەی. بۆ سەدەمین جار پێت ئەڵێم، ئیشێك بکە، تۆزێك بەزەییت بەخۆت دا بێتەوە!"

" چی ئیشێك بکەم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟ نازانم چی ئیشێك بکەم، کەس نیە وەرم بگرێ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ"

" ئەوەیە بەم شێوەیەیە ئیشت نادەنێ، تۆ پیاوێکی ئالوودە مەی!"

" وە ئەزانی ئەمڕۆ ڤلاسی گارسۆنیان ناردە نووسینگە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

لێم پرسی" بۆچی بەدوایاندا نارد، ئیمیلیانەوشکا؟"

" نازانم بۆچی، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. گریمان ئەکەم ئەویان لە نووسینگە ویستووە، لەبەر ئەوە بەدوایاندا نارد."

" ئاخ، ئێمە لەبارێکی خراپ داین، ئیمیلیانەوشکای هەژار! خوای گەورە گووناهەکانمان خێرا ئەکات، بەڕێز، ئەبێ لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوە چی بکەین؟

" بەڵام هاوەڵێکی فێڵباز بوو، و هەڵەی تێدا نیە. ئەو گوێ ئەگرێ و گوێم لێ ئەگرێ، لە کۆتاییدا لەو باوەڕەدام بێزار ئەبێ. هەرکاتێك هەست بکات من تووڕە ئەبم، کۆنە چاکەتەکەی هەڵ ئەگرێ و ئەڕوات و ئەخلیسکێ و شوێن پێ ی بە جێ ناهێڵێ.

بەدرێژایی ڕۆژ بیردەکاتەوە و شەو بە سەرخۆشی دێتەوە. لە کوێ پارەی وەدەست کەوتووە، تەنها خوا دەزانێ؛ من هیچ دەستم تێدا نیە.

" گووتم، نەخێر، ئیمیلیان ئیلیچ، بەرەو کۆتاییەکەی خراپ دەڕۆی. واز لە خواردنەوە بهێنە، گرنگی بدە بەوەی ئێستا دەی لێم، خواردنەوە تەرك بکە! جارێکی تر بەسەرخۆشی بێیەوە ماڵەوە، دەبێ لەسەر قادرمەکان شەو بەسەر ببەی، ڕێگات نادەم بێیتە ژوورەوە!"

" دوای بیستنی ئەم هەڕەشەیە، ئیمیلیانەوشکا شەو ڕۆژ و ڕۆژی دوایی لە ماڵەوە دانیشت و دەرنەچوو؛ بەلاَم ڕۆژی سێهەم دووبارە خۆی دزیەوە و بۆی دەرچوو. چاوەڕێم کردو چاوەڕێم کرد، نەهاتەوە. بەڵێ، بەلایەنی کەم گوێ نادەمێ، و دەترسام ، و پەرۆشم بوو. بیرم کردەوە، من چیم لێکرد؟ ترساندم و ڕۆیشت. ئەو کابرا هەژارە ئێستا بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ لەوانەیە وون بووبێ. خوا بمان بەخشێ!

" شەو داهات، ئەو نەهاتەوە. بەیانی چوومە باڵەکۆنەکە؛ تەماشام کرد، بزانم لە باڵەکۆنەکە نەخەوتووە! سەری لەسەر قادرمەکە داناوە و تا ئێسقانەکانی سەرمایەتی.

" تاوەکوو کەی، ئیمیلیانەوشکا، خوا بت بەخشێ! بەکوێ دەگەی!

" بۆ چی، تۆ بە جۆرێك لە جۆرەکان لە من زیز بووی، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، ئەو ڕۆژە، تۆ بێزار بووی، بەلێنت دا کەوا بکەی من لە باڵەکۆنەکە بخەوم، منیش نەم ویست بێمە ژوورەوە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، وە من لێرە پاڵ کەوتم...."

من هەستم بە تووڕەیی و دڵتەنگی کرد بوو.

گووتم " بەدڵنیاییەوە دەت توانی هەندێ ئەرکی تر ئەنجام بدەی، ئیمیلیانەوشکا، لە جیاتی ئەوەی لێرە پاسەوانی قادرمەکان بی.

" بۆچی، چی ئەرکێکی تر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

" تۆ ڕووحت لە دەست داوە" — من زۆر توورە بووم، بانگم کرد و- ئەگەر تۆ فێری ئیشی دروومانی ببیت! تەماشای ئەو چاکەتە کۆنەت بکە! تەنها بەس نیە بیهاڕی، لێرە قادرمەکانی پێ دەسڕیەوە! دەتوانی دەرزییەك هەڵبگری و بەنەزانی چاکەتەکەت بدرویتەوە، وەکو پێویستیەکی ئەخلاقی. ئای پیاوی سەرخۆش!"

" ڕات چیە ، بەڕێز؟ لە ڕاستیدا دەرزییەکەی هەلگرت. من بە گاڵتەوە گووتم، بەلاَم ئەو زۆر ترسا، دەستی کرد بە کارکردن. چاکەتەکەی داناو دەرزی و داوەکەی هەلگرت. تەماشام دەکرد، هەروەکوو مەزندەی دەکەی، چاوەکانی سوور و تەماوی بوون، و دەستەکانی دەلەرزین. بەردەوام پاڵی بە داوەکەوە دەنا و نەیتوانی بیخاتە کوونی دەرزییەکە؛ بەردەوام چاوی دەخوراند و داوەکەی تەڕ دەکرد و بە پەنجەکانی لوولی دەدا — باش نەبوو! وازی هێناو تەماشای کردم."

" بۆچی، چی بکەم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟ زۆر باش دەزانم من ئالوودەی مەیم و سەرخۆشم و بۆ هیچ شتێك باش نیم! من هیچ ناکەم بەڵکو تۆ دەرووژێنم، من خێرخوازم- خێرخواز..."

" لەو کاتەدا لێوەکانی دەستیان کرد بە لەرزین، فرمێسك بەسەر ڕوومەتی سپی دا هاتە خوارەوە و کەوتە سەر چەناگەی، و ئیمیلیانەوشکای هەژار لافاوێك فرمێسکی ڕشت. خوا بمان پارێزێ! وا هەستم کرد هەر وەکوو بلێ ی چەقۆیەك چووە ناو

دڵم! ئەو خولْقاوە هەستیارە! هەرگیز چاوەڕوان نەكراو بوو. كێ مەزەندەی دەكرد؟ نەخێر ، ئیمیلیانەوشكا، هەرچەندە وازت لێ دەهێنم. دەتوانی بەڕێگا چەوتەكەی خۆت دا بەردەوام بیت بەو پووچیەی خۆت.

" باشە ، بەڕێز، بۆچی وا دەیكەیتە چیرۆكێكی درێژ، چی بووە؟ هەموو شتەكە پڕوو پووچە ئەوە ناهێنی ووشەیەكی لەسەر بە فیڕۆ بدەی. بۆچی، بۆ نموونە، بەڕێز، هیچ بیرێكی بە خەیاڵی تۆ دا نەهێناوە، بەلام دەكرا گرینگی زۆری پێ بدەم- ئەگەر گرینگی زۆرم پێ بدابایە- هەرگیز ئەوە ڕووی نەدەدا.

" جووتێك پانتۆڵی كوورتی سواربازیم هەبوو، بیان بە، باشە، پانتۆڵی سواربازی پلە یەك بوو، شین و چەكێكی پارەی لە سەرە. پیاوێك لە گووند داوای كردبوون، بەلام لەدواییدا نەیویستن؛ گووتی بەكەڵكم نایەن، لە لای من بەجێ مان، بەڕای من هەندێ پارەدەكەن. وەكوو دەستی دوو، لەوانەیە پێنج ڕۆبلی زیوی بكات، خۆ ئەگەر نەیكا، ئەوا دەتوانم بیانكەم بە دوو پانتۆڵ بۆ پیاوەكەی پیتزبورگ و پارچەیەك لەسەر پشتێنی بدەم بۆخۆم بەكاری بهێنم. بەدڵنیاییەوە بۆ خەڵكی هەژاری وەكوو ئێمە، هەموو شتێك دەبێ. وە ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو ئیمیلیانەوشكا كاتێكی ناخۆشی بەسەر بردبوو. لێرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دانیشت و هیچی نەخواردەوە، دڵۆپەیەك نەكەوتە سەر لێوەكانی، هەروەكوو كوونە بەبوویەكی دڵتەنگ. زۆر ناخوش بوو بەم شێوەیە ببینم- دانیشتبوو و كڕ بوو. بیرم كردەوە، یان تۆ مست دەست نەكەوتووە خەرجی بكەی، لاوەكەم، یان تۆ دەگۆڕێ ی بۆ ژیانێكی تر، تۆ دەست بەری بویت، تۆ گوێ بیستی عەقڵ بوویت. بەلام ، بەڕێز، هەروا بوو، و كاتی پشوو هات. چووم بۆ نوێژی ئێوارە، كاتێك هاتمە ماڵەوە دیتم ئیمیلیانەوشكا لەلای پەنجەرەكە دانیشتووە و سەرخۆشە و بەلادا دەكەوێ.

" ئای! كوڕی لاوم، تۆ ئەوەت كرد! وە من چووم هەندی شت لە سینگم دەربهێنم. كاتێك تەماشام كرد پانتۆڵە كورتەكان لەوێ نەماوون.....تەماشای ئەم لاو ئەولام كرد، دیارنەمان.دوای ئەوەی ئەوناوە هەمووی گەڕام و لەوی نەمابوون، وا پێ دەچوو هەندێ شت چوو بە ناو دڵم دا. یەكەم جار ڕام كردە لای خانمە بەتەمەنەكە و تاوانەكەی ئیمیلیانەوشكام خستە ملی ئەو؛ من گوومان لێ كراو نیم، هەرچەندە هۆكار هەبوو لە شێوازی دانیشتنی و سەرخۆشیەكەی.

" بەتەمەنەكە گووتی، نەخێر، خوا لێت ڕازی بێ، پیاوی جوان، ئەوەی باشە ئەو پانتۆڵی سوارییەت دایە من؟ ئای من ئەوشتانە لەبەر دەكەم؟ بۆچی، ئەوڕۆژە تەنوورەكەم لێ وون بوو بەهۆی برادەرێكی هاوشێوەی تۆ... من هیچ نازانم، خانمە پیرەكە گووتی، من هیچ زانیارییەكەم نیە دەربارەی ئەم كارە."

پرسیارم كرد" كی لێرە بووە، كێ هاتۆتە ئێرە؟"

خانمە بەتەمەنەكە گووتی" بۆچی، كەس نەهاتۆتە ئێرە، بەڕێزی باش، بەدرێژایی كات من لێرە بووم؛ ئیمیلیان ئیلیچ چووە دەرەوە و هاتەوە، ئەوەتا لێرە دانیشتووە، لێ ی بپرسە."

گووتم" ئیمیلیانەوشكا، ئایا تۆ ئەو جووتە پانتۆڵەی سوارییەت بە بێ هۆ بردوە، لە یادتە بۆ پیاوە دەشتەكیەكەم دروست كردبوو؟"

گووتی" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، من نەم بردوە- بە هیچ جۆرێك- دەستم لێ نەداون ."

" من لە ویلایەت بووم! ڕاوی بەرز و نزمم كرد- دەبێ لێرە بن دەتوانی بیان دۆزیەوە. وە ئیمیلیانەوشكا لەوێ دانیشتبوو بۆ پاش و پێش بەلادا دەچوو. خۆم لە پاژنەی پێم دوور دەخستەوە بەرامبەری بووم خۆم دانەواندبووە سەر سینگم، ، لەیەك

کات دا بەلا چاوێك تەماشایم کرد....بەکەمی، هەستم کرد دڵم گەرم داهات و تا هاتە ناو جەستەم. وە لە ناکاو ئیمیلیانەوشکا تەماشای کردم.

گووتی" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، ئەو پانتۆڵی سواریانە تۆ، لەوانەیە بڵێی من بردبمن، هەرگیز دەستم لێوەیان نەداوە."

" باشە ئەی چیان لێ هات، ئیمیلیان ئیلیچ؟"

گووتی" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ" هەرگیز نەم بینیون."

" بۆچی، ئیمیلیان ئیلیچ، واتا خۆیان ڕایان کردووە، ئای؟"

" لەوانەیە خۆیان ڕایان کردبێ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

" لەوانەیە خۆیان ڕایان کردبێ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

" کە وای گووت، یەکسەر هەستامە سەر پێ، بەرەو ڕووی ڕۆیشتم، چراکەی هەڵ کرت و دانیشتە سەرکاری درووmانەکەم. پشتێنی چاکەتی فەرمانبەرەکەی لە خوارەوەمان دەژیا چاك دەکرد. وە هیچ ئازاری سووتان و خووران لە هەناسەمدا نەبوو! ئەگەر هەموو جلەکانم بخستبا ناو ئاگرەکە، من ئەوەندە گوێم پێ نەدەدا. واپێدەچوو ئیمیلیانەوشکا گوومانی لە تووڕەییەکەم هەبوو. کاتێك پیاو تاوان بار بێ، کێشە بە هەمووڵایەك دا پەرت دەکات، وەکوو باڵندەکانی پێش باهۆز. ئیمیلینەوشکا بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەستی بە ووتەکانی کرد" دەزانی، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، ئەنتیپ پرۆهۆریچی دەرمانساز، ئەمرۆ سەر لەبەیانی ژنی شۆفێری پاسەکەی مارەکرد، ئەوەی ئەو ڕۆژە مرد-"

" بەڕێز، بەچاوێکی ترشاوی تەماشام کرد؛ ئیملیانەوشکا تێگەیشت. دیتم هەستا چوو بۆ سەر جێگاکەی، بەدوای هەندێك شت دا دەگەڕا. چاوەڕێم کرد- زۆربەی کات سەرقاڵ بوو و بۆڵە بۆڵی دەکرد، " نەخێر، لێرە نا، شتی باش لە کوێ دەبێ!" چاوەڕێم کرد بزانم چی دەکا؛ دیتم لە ناو جێگا لە سەر هەدوو دەستی و قاچی دەخشا. چیتر گوێم پێ نەدا. گووتم" لە ژێر جیچگا بەدوای چی دا دەگەڕێ ی ، ئیمیلیان ئیلیچ؟

" بەدوای پانتۆڵەکاندا دەگەڕێم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. لەوانەیە کەوتبنە ئێرە لە شوێنێك بن."

گووتم " بۆچی هەوڵدەدەی یارمەتی پیاوێکی هەژاری وەکوو من بدەی، لە ناو جێکا گرۆڵە دەکەی، بەڕێز؟"- بەدڵ تەنگیەوە بانگم لێ کرد.

" ئۆه، گوێ مەدەیە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، تەنها تەماشا دەکەم، دەبێ لە شوێنێك دەربکەون."

" گووتم، هیم، تەماشای ئێرە بکە، ئیمیلیان ئیلیچ!"

گووتی " ئەوە چیە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

گووتم" تۆ زۆر بە سادەیی لە منت نەدزیوە وەکو دزو قۆڵبڕ ، لە پێناوی ئەو نان و خوێ یەی لێرە خواردت؟"

" زۆر تووره بوو، بەڕێز، ئەوم بینی لەسەر ئەژنۆی لە پێشم بوو"

" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

" وە بە پاڵکەوتوویی لە سەر دەمی مایەوە لە ناو جێگاکەی. ماوەیەکی زۆر لەناو جێگاکەی مایەوە و لە دواییدا هاتە دەرەوە. تەماشام کرد و پیاوەکە وەکوو کاغەز سپی بوو. هەستایە سەر پێ و هات لەتەنیشتم لە نزیك پەنجەرەکە بۆ ماوەی دەخولەك دانیشت ."

" نە خێر، ئەستافی ئڤانۆڤیچ، یەکسەر هەستاو بەرەو ڕووم هات، ئێستا دەی بینم، تۆقیبوو. گووتی"نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ،، هەرگیز- دەستم- لەپانتۆڵە سوارییەکانی تۆ نەداوە."

" هەموو جەستەی دەلەرزی، خۆی خستبووە نا و سینگی و پەنجەکانی دەلەرزین و دەنگە لەرزۆکە پیرەکەی ترساندمی، بەڕێز، دانیشت و وەکوو ئەوەی من بە کورسی پەنجەرەکەوە نووسابووم."

گووتم" باشە، ئیمیلیان ئیلیچ، تکایە لێم ببورە، لە گەمژەییم ، بە بێ دادوەری تۆم تاوانبار کرد. بۆ پانتۆڵەکان، وازیان لێ بهێنە، دەتوانین بەبێ ئەوان بژین. هێشتا دەستەکانما ماوە، سووپاس بۆ خوا، پێویستیمان بە دزین و پاڕانەوە لە پیاوە هەژارەکان نیە، نانی خۆمان دەست دەکەوێ."

" ئیمیلیانەوشکا گوێ ی لێم بوو لە بەردەمم وەستا بوو نەجوولا. تەماشام کرد، دانیشت. وە بە درێژایی ئێوارە لەوێ دانیشت بەبێ ئەوەی تەماشا بکا. دوای ئەوە پاڵکەوتم بخەوم."

ئیمیلیانەوشکا بەردەوام لە شوێنەکەی دانیشتبوو. کاتی بەیانی تەماشام کرد لەناو چاکەتە کۆنەکەی خۆی خڕکردبووەوە لەسەر زەویەکە، هەستی کرد.

حەزی کرد بچێتە ناو جێگاکەی. لەراستیدا، بەڕێز، ئەو ڕۆژە ئارەزوی هاوڕێ یەتی کەسم نەبوو، بۆ چەند ڕۆژێك، ڕقم لێ ی بوو، ، وام هەست دەکرد کە کووڕی خۆم ماڵی لێ بڕی ووم، و ئازارێکی کووشندەی داووم. بیرم کردەوە، ئاخ، ئیمیلیانەوشکا.، ئیمیلیانەوشکا! وە ئیمیلیانەوشکا، بەڕێز بە بێ وەستان دوو هەفتەی داهاتوو بە بێ وەستان مەی خواردەوە. هەموو کات سەرخۆش بوو. سەرلە بەیانیەکەی ڕۆیشتە دەرەوە و شەوانێکی درەنگ هاتەوە، لەماوەی دوو هەفتەی داهاتوو گوێم لە ووشەیەکی نەبوو. بیری غەمباری دڵی هەڵدەکۆڵی، بەڵکوو خۆی ویستی بەتەواوی وا بکا. لە دواییی وەستا، پێویشتە گەیشتبێتە کۆتایی ئەوەی دەیویست، جارێکی تر لە لای پەنجەرەکە دانیشتەوە. لە یادمە کە لەوێ دانیشت و سێ ڕۆژ و سێ شەو قسەی نەکرد؛ لەناکاو دیتم دەگریا. بەڕێز، ئەو لەوێ دانیشتبوو، وە وەکوو هەر شتێك دەگریا.جۆگەلەیەکی تەواو، وەکوو بڵێ ی نەی دەزانی فرمێسکەکانی دێتە خوارەوە. بەڕێز، ناخۆشە، پیاوێك ، پیرەمێردێك ببینی لە داخ و پەژارەیی بگریا.

گووتم" چیتە، ئیمیلیانەوشکا؟"

"دەستی بە تێکەڵ و پێکەڵە کرد. لەو ئێوارەیەوە، یەکەمجارە قسەم لە گەڵی کرد"

" هیچ نیە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ"

" خوا لەگەڵت بێ، ئیمیلیانەوشکا، ئەوەی وون بوو وون بووە. بۆچی ئەوەندە لەسەری دەڕۆی؟" زۆرم پەرۆشە.

"ئۆه، هیچ نیە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، هیچ نیە. دەمەوێ هەندی ئیش بدۆزمەوە و بیکەم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ"

" وە چی جۆرە ئیشێك، لە خوا بپاڕێوە، ئیمیلیانەوشکا؟"

" بۆچی، هەر حۆرە ئیشێك، لەوانەیە ئیشێکی وەکوو ئەوەی پێشووم بدۆزمەوە. من داوام لە فیدۆسەی ئیانیچ کردووە. من نامەوی لە سەر تۆ بار بم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. ئەگەر کارێك بدۆزمەوە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، هەموو قەرزەکانت دەدەمەوە، وە چاکەی هەموو میوانداریییەکەت دەدەمەوە."

"بەسە، ئیمیلیانەوشکا، بەسە؛ ئەوەی ڕۆیی، ڕۆیی- چیتر باسی مەکە. با هەروەکوو پێشوو بەیەکەوە بەردەوام بین."

" نەخێر، ئیمیلیانەوشکا، لەوانەیە وابزانی- بەلاّم من هەرگیز دەستم لەو پانتۆڵە سواریانەی تۆ نەداوە."

" باشە، ئارەزووی خۆتە، خوا پشتیوانت بێ، ئیمیلیانەوشکا."

" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، من چیتر ناتوانم لە گەلّ تۆ بژیم، ئەمە ڕوونە. پێویستە بم بەخشی، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

" بۆچی، خوا بت پارێزێ، ئیمیلیان ئیلیچ، کێ قسەی بە تۆ گووتوو و کێ تۆی دەرکردووە- من قسەم پێ گووتوویی؟

" نەخێر، بۆمن گوونجاو نیە بەم شێوەیە لەگەلّ تۆ بژیم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. باشتروایە بڕم.

زۆر ئازار بوو، وا پێ دەچوو، وازی لەم بابەتە نەدەهێنا. تەماشام کرد، بە دلّنیاییەوە، هەستاو چاکەتە کۆنەکەی خستە سەر شانەکانی.

" بەلاّم ، بۆ کوێ دەڕۆی، ئیمیلیان ئیلیچ؟ گوێ لە هۆ بگرە، بەتەمای چیت، دەچی بۆ کوێ؟"

" نەخێر، مالّ ئاوا، ئیستافی ئیڤانۆڤیچ،، ئێستا ڕام مەگرە- بە دەنگی گریانەوە- باشتر وایە بڕۆم. ئێستا تۆ ئەو کەسەی جاران نیت."

" کەسی جارانی چی؟ من هەر ئەو کەسەم، بەلاّم تۆ بە تەنیا بیت وون دەبی هەر وەکوو مندالّێکی شیرەخۆر، ئیمیلیان ئیلیچ."

" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، کاتێك دەڕۆیتە دەرەوە، سینگت دادەخەیت، وام لێ دەکا بۆ بینینی بگریەم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. باشتر وایە ڕێم بدەی بڕۆم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، وە لێم ببوری بۆ ئەو هەموو کێشانەی بۆم دروست کردیت لەو ماوەیەی لەگەلّ تۆدا ژیام."

"باشە، بەڕێز، پیاوەکە ڕۆیشت. ڕۆژێك چاوەڕێم کرد، پێشبینیم دەکرد ئێوارە بێتەوە – نەخێر. ڕۆژی دوایی دیار نەبوو، ڕۆژی سێهەمیش دەرنەکەوت. ترس دای گرتم، زۆر بە پەرۆشەوە بووم، نەم توانی بخۆمەوە، نەمتوانی بخۆم، نەمتوانی بخەوم. ئەو کەسە دەستەوەستانی کردم. ڕۆژی چوارەم چوومە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێم؛ چاوم بەناو هەموو بارەکاندا گێڕا بۆی- بەلاّم نەبوو، ئیمیلیانەوشکا وون بوو." ئایا توانیوتە کارێکی وابکەی بژی، ئیمیلیانەوشکا؟" من بە گوومان بووم." لەوانەیە لەژێر شوورەیەکدا کەوتبێ و مردبێ، ئالودەی هەژار، وەکوو تۆماری گەمژە. چوومەوە مالّەوە وەکوو مردوو نەك زیندوو. ڕۆژی دوایش چوومە دەرەوە بەدوایدا گەڕام. بەردەوام خۆم دەخواردەوە، چەند گەمژە بووم، چۆن ڕێم پێ دا بەتەنیا بڕوات. ڕۆژی پێنجەم پشوو بوو- سەرلەبەیانی گوێم لە سیرەی دەرگابوو. تەماشام کرد ئیمیلیانەوشکایە دێتە ژوورەوە. دەم و چاوی شین و قژی پیس هەروەکوو ئەوە وابوو لەشەقام خەوتبێ؛، هەتا بلّێ ی لاواز بوو، چاکەتە کۆنەکەی داناو لە سەر باوڵەکە دانیشت و تەماشای کردم. زۆر دلّخۆش بووم بە بینینی، بەلاّم زۆر نیگەران بووم بۆی. بەڕێز ، دەبینی ، خۆ ئەگەر هەندێ گووناهم بکردایە، وەکوو ئەوەی لێرەم، بەڕێز، وەکوو سەگ دەمردم پێش ئەوەی بێمەوە. بەلاّم

ئیمیلیانەوشکا هاتەوە. وە غەمگینی ئەوەیە پیاو وا لەسەرەخۆ نقووم دەبێ. دەستم کرد بە گرنگی پێدانی، بە نەرمی قسەی لەگەڵ بکەم، دڵی خۆش بکەم.
گووتم " باشە، ئیمیلیانەوشکا، بە گەڕانەوەت دڵم خۆشە. ئەوەندە ڕۆیشتیت من ئەمڕۆش بەدواتا هەموو باڕەکان گەڕام. برسیتە؟"
" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."
" وەرە، ئێستا، بەڕاست برسیت نیە؟ ئەوەتا، برام، هەنێك سووپی کەلەم لە دوێنێوە ماوەتەوە، گۆشتی تێدابوو، شتێکی باشە. ئەوەش هەندێك نان و پیازە. وەرە، بیخۆ، هیچ ئازارت نادا."
" وام لێکرد بیخوات، لەسەرەتاوە بینیم ئەم پیاوە لەوانەیە سێ ڕۆژ بێ تامی خواردنی نەکردووە — هەروەکوو گوورگی برسی بوو. برسیەتی بوو ئەوی هێنایەوە بۆ لام. تەماشاکردنی ئەو هەژارە ئازیزە دڵمی تواندەوە. " با ڕابکەم بۆ باڕەکە، هەندێ شتی بۆ بهێنم دڵی دامرکێنێ، ئینجا کۆتایی پێ دەهێنین. من هیچ لە تۆ تووڕە نیم، ئیمیلیانەوشکا! هەندێ ڤۆدکام بۆ هێنا. ئەوەتا، ئیمیلیان ئیلیچ. بۆ ئەم پشووە بخۆینەوە. حەزت لە خواردنەوەیە؟ هەستت باش دەکا. بەدەستی هەڵی گرت، زۆر بەپەرۆشەوە هەڵی گرت، نۆشی کرد، ئینجا وەستا. دوای یەك خولەك، دیتم هەڵی گرت، بەرزی کردەوە بۆ دەمی، تفی کردەوە سەر یەخەکەی. هەرچەندە پێکەکەی خستە سەر لێوی جارێکی تر دای نایەوە سەر مێزەکە.
" چی بوو، ئیمیلیانەوشکا؟"
" هیچ نەبوو، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، من - تەنها—
" ناتەوێ بخۆیتەوە؟"
" بەڵێ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، من چیتر نامەوێ بخۆمەوە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."
" مەبەستت ئەوەیە تۆ خواردنەوەت هەموو واز لێهێناوە، ئیمیلیانەوشکا، یان تەهنا ئەمڕۆ ناخۆیتەوە؟"
" وەلامی نەدایەوە. دوای خولەکێك دیتم سەری خستە سەر دەستی.
" چیتە، ئیمیلیانەوشکا، نەخۆشی؟"
" بۆ، بەڵێ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، هەست بەباشی ناکەم."
" دەستیم گرت و لەسەر جێگاکەی پاڵم خست. دیتم بەڕاستی نەخۆشە، سەری زۆر گەرم بوو، لە گەڵ تایەکەی دەلەرزی. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەتەنیشتی دانیشتم، بەرەو شەو تەندروستی خراپتر بوو. هەندێ ڕۆن و پیازو بیرە و پارچە نانم بۆ تێکەڵ کرد.
گووتم" وەرە، هەندێك لەوە بخۆ، لەوانەیە باشتر ببی.سەری بادا. گووتی ، نەخێر، ئەمڕۆ نانی ئێوارە ناخۆم، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."
" چام بۆ ئامادەکرد، پیرەژنەکەم نیگەران کرد- باشتر نەبوو. بەڵی، ڕۆژێکی باش نیە! ڕۆژی سێهەم چوومە لای پزیشکێکی پیاو. یەکێکم دەناسی لە نزیکمان دەژیا، ناوی کۆستۆپراڤۆڤە. دکتۆرەکە هات و تەماشای کرد. گووتی، تەندروستی خراپە، " پیویست نەبوو بەدوام دا بێ ی. ئەگەر دەتەوێ دەتوانم هەندێ پاودەری بدەمێ. بەڵام، پاودەرم نەدایە، هەستم کرد ئەوە تەنها گەمەی دکتۆرەکەیە، وە ڕۆژی پێنجەم هات.

" بەڕێز، پاڵکەوتووە، لەپێش چاووم دەمرێ. لەلای پەنجەرەکە دانیشتم و ئیشەکەم بەدەستمەوە بوو. پیرەژنەکە ئاگردانەکەی گەرم دادەهێنا. هەمووومان بێدەنگ بووین. دڵم بۆی لێ دەدا، برادەر، بۆ، هیچ باش نیە؛ وا هەستم کرد کووڕی ڕاستەقینەمە و لەدەستی دەدەم. زانیم ئیمیلیانەوشکا تەماشام دەکا. ئەو پیاوەم دەدی بەدرێژایی ڕۆژ دەی ویست شتێك بڵی و نەی دەتوانی.

" لەکۆتاییدا تەماشام کرد؛ لە چاوەکانی دا بارێکی زۆر خراپم بەدی کرد. چاوەکانی لە سەر من لانەدەدا، کاتێك هەستی کرد تەماشای دەکەم ، یەکسەر چاوەکانی دانەواند."

" ئەستافی ئیڤانۆڤیچ"

" چیە، ئیمیلیانەوشکا؟"

" ئەگەر چاکەتە کۆنەکەم ببەی بۆ لەنگە فرۆشان، بەڕای تۆ چەندی بێ دەدەن، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

" نازانم چەندی پێ دەدەن. لەوانەیە یەك ڕۆبڵی پێ بدەن، ئیمیلیان ئیلیچ."

" بەڵام ئەگەر بۆیان ببەم، نرخێکی کەمی پێ نادەن، بەڵکو پێم پێ دەکەنن کە من ئەو شتە خراپەم بۆ بردوون. تەنها ئەوەم گووت، بۆ ئەوەی دڵی ئەو برادەرە هەژارە خۆش بکەم، دەمزانی کە چەند سادەیە."

" بەڵام ، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، وام دەزانی سێ ڕۆبڵی پێ دەدەن، لە قووماش دروست کراوە، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ. چۆن تەنها یەك ڕۆبڵ دەدەن بە چاکەتێکی قووماش؟"

گووتم" نازانم، ئیمیلیان ئیلیچ، ئەگەر دەتەوێ بۆیان ببە ، بێ گوومان بە سێ ڕۆبڵ دەست پێ بکە."

" ئیمیلیانەوشکا بۆ ماوەیەك بێ دەنگ بوو، ئینجا ڕووی تێ کردمەوە- ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

گووتم" چیە، ئیمیلیانەوشکا؟"

" کاتێك دەمرم، چاکەتەکەم بفرۆشە، لەگەڵیدا مەم نێژە، من دەتوانم بە بێ چاکەتەکە درێژ ببم، وە هەندێ نرخی هەیە- لەوانەیە بەسوود بێ."

" ناتوانم پێتان بڵێم چەند دڵی هەژاندم، کاتێك ئەمەم لێ بیست. دیتم لە سەرە مەرگ دایە. بۆ ماوەیەك هەمووومان بێ دەنگ بووین. دوای کاتژمێرێك. جارێکی تر تەماشام کردەوە، تێ ی دەڕوانیم: کاتێك چاوی بە جاوم کەوت، دای نواندەوە."

گووتم" دەتەوێ هەندێ ئاو بخۆیتەوە، ئیمیلیان ئیلیچ؟"

" هەندێکم بدەرێ، خوا بت پارێزێ، ئەستافی ئیلیچ."

" هەندێ ئاوم دایە."

گووتی" سووپاس، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."

" هیچ شتێکی تر هەیە حەزی لێ بکەی، ئیمیلیانەوشکا؟"

" نەخێر، ئەستافی ئیڤانۆڤیچ، هیچم ناوێ، بەڵام – وەکوو – بڵێ ی—"

" چی؟"

" من تەنها—"

" چی، ئیمیلیانەوشکا؟"

" پانتۆڵە سوارییەکانی تۆ—بە جۆرێك—من بردمن—ئەستافی ئیڤانۆڤیچ."
گووتم" باشە، خوا بت بەخشێ، ئیمیلیانەوشکا، تۆ خولقاوێکی هەژاری بەخشراوی. بەئاشتی سەربنێیتەوە."
" خۆم دەخواردەوە، بەڕێز، چاوەکانم پڕ فرمێسك بوون. بۆ ساتێك ڕووم لێ وەرگێڕا. ئەستافی ئیڤانۆڤیچ—"
" دیتم ئیمیلیانەوشکا دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ، هەوڵی دەدا دابنیشێ، هەوڵی دەدا قسە بکا، غڵبە غڵبێکی لێوە دەهات، لەناکاو سوور هەڵگەڕا، تەماشای کردم..... دیتم جارێکی تر سپی هەڵگەڕایەوە، سپی تر، وە سپی تر، وا پێدەچوو لە یەك خولەکدا تێ ی دا نقووم ببێ. سەری کەوتە دواوە، یەك هەناسەی داو گیانی بە خوا سپارد."